# تەمبەڵستان

محەمەد گەلاڵەیی_سۆران

بەسەیرکردنێکی خێرا بۆ کۆمەڵگای کوردی یەك مێگەلی تەمبەڵ لەهەمو چین‌و توێژەکانیدا دەبینرێت، هەرلە خوێندکارانی تا دەگاتە کاربەدەستانی وولاّت‌و بێکاران، کوردستان لەم سەردەمەدا بۆتە تەمبەڵستان، لەبەرئەوەی ڕوو لەهەر شوێنێك، ماڵێك، بندێوارێك، دام‌ودەزگایەك‌و مزگەوتەکانیشی لەگەڵدابێت دەکەیت، کۆمەڵێك کەسی زۆری لیّ دامەزراوەو کەچی یەك بەرهەمیان نییەو لەشکری تەمبەڵستانیان پێك هێناوە، ئەگەر مێژووی هەر کۆمەڵگایەك وەربگرین بە قەد ئەمرۆی کوردستان کەسی تەمبەڵیان بەرهەم نەهێناوە، ئێمەی کورد ئەو هەموو خوێندکارانەمان لە زانینگەکان دەردەچن کوا پێشکەوتنی کۆمەڵ‌و بەرۆشنبیربوونی لەهەموو ڕوێکەوە، لەوەتەی شانزە ساڵە حکومی خۆمان دەکەین، گەلێك‌و تاکی تەمبەڵمان بۆ بەرهەم هاتووە، خۆ پێش ڕاپەرین هەر نەبێت هەستی نیشتیمان پەروەری‌وخەم خواردن بۆ ئازادی بیروڕا هەبوو، هیوایەك بۆ ئایندەو ئازادی هەبوو، بەلاّم ئێستا ڕوو لەهەر شوێنێك‌و دەزگایەك دەکەی پەتای تەمبەڵی تەنیوەتەوە، فەرمانبەر تەمبەڵە لە ڕاپەراندنی کارەکانیداو یاخود لەدەوامکردنیدا، خوێندکاری زانینگەیە تەمبەڵە لە خوێندن‌و خوێندنەوەی لە چوار ساڵی خوێندنیدا کە بڕوانامەکەشی وەردەگرێت دەبێتە مامۆستایەکی تەمبەڵ بۆ نەوەکانمان، ئینجا خوێندنگاکانیشمان دەبنە تەمبەڵستانی سەردەمی پێشکەوتن، هەروەها ڕوو لە هەر کتێبخانەو کتێب فرۆشەکان دەکەی تاکی کورد تەمبەڵە لەکڕینی کتێب‌و خوێندنەوەی، کۆمەڵگا تەمبەڵە لەبەرامبەر کولتوورە کۆنەکان‌و خۆی ناگۆڕێت‌و لەکاراونی تەمبەڵی لاینەداوە، لەسەرووی هەموشیانەوە دەستەلاّتە گەندەڵیەکەی کوردستان تەمبەڵستانی تایبەتی بۆ خۆیی دروست کردووەو سنووری ئەو تەمبەڵستانە لە دام‌و دەزگاکانی حکومەت تێپەڕیوەو هەتا بریارو ڕاسپاردەو بەڵینەکانیشی خستونەتە گیرفانی تەمبەڵەکان‌و ئەوانیش دەیخەنە زبڵدانی تەمبەڵستانەکەی خۆیان، ئەویّ ڕۆژیّ لەگەڵ شۆفێرێکی تەکسی بۆ سەر دەوام دەهاتم، ئەو ئەیووت: "لە دەزگاکەماندا "160"کەس دامەزراوین تەنیا "30"کەسمان دەوام دەکات، ئەوا تا ئێستاش نەچوومەتە دەوام‌و بۆ خۆم کاری تەکسی دەکەم." لە دەزگایەکی ئەم شارەدا (700) فەرمانبەری هەیە کەچی (100)کەسی بەتەواوی دەوام ناکەن، فەرمانبەرێکی ئەو دەزگایە دەیووت:"جێگا نییە لێی دانیشم‌و تەنیا کارم ئەوەیە بچم چایەك بخۆم‌و دوای چەند خولەکێك بگەڕێمەوە ماڵەوە" ئەم یەك دوو نموونانەی سەرەوە بەڵگەن، یەکەمین تەمبەڵستانی کوردستان لە دام‌ودەزگاکانی حکومەتەوە دەستی پێکردووە، بەردەوامی ئەو تەمبەڵستانە لە کوردستاندا لەروودانی هەر کێشەو قەیرانێکی مرۆیی جێگای مەترسیە تاکی کورد یەکتری بخوات..!! بۆ؟ لەبەرئەوەی ئەم تەمبەڵستانە کە لە شێوەی لە شکرێکی گەورەی ئیمپراتۆریەکانی سەەردەمی کۆن دەچێت‌و وەکو بۆمبێکی تەوقیتکراو وایە لەسەر ئایندەی کوردستان، بەتایبەتی لە هاتنە پێشەوەی قەیرانەکانی ئابووری‌و سیاسی‌و ئاسایشی کورد لەم هەرێمەدا، تەمبەڵخانەکانی کوردستان کە تەمبەڵستانیان دروستکردوە، کوردو ئایندەکەی دەخەنە بەردەم چارەنووسێکی نادیار، ئەوەنیە ڕوودانی ئەم هەموو ڕوداوەو خۆکوشتنی گەنجان لە کوردستانداو ڕۆشتنیان بۆ ئەورووپاو نەمان هیواو ئینتیمایان بۆ نەتەوەو ئایندەیان وەکو تاك، هەمووی لەبەر ئەو کەش‌و هەوایی تەمبەڵستانەیە کە بەسەر کوردستاندا هاتووە، بۆیە چ لەوە زووتر نییە حکومەت لەرێگای کردنەوەی چەندەها دەرگا دەتوانێت ئەو تەمبەڵستانە نەهێڵێت، لەوانەش کردنەوەی کۆمپانیا بەرهەم هێن‌و بەکارخستنی گەنجان‌و ئەو زیادە فەرمانبەرانەی لە دام‌ودەزگاکانی حکومەتدا هەیە. پەرەدان بەهەموو چین‌و توێژەکانی کۆمەڵی کوردی‌و لەلایەکی تریشەوە با کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو بێت، نەك هەر کەسانی نەشارەزاو تەمبەڵ لەڕاپەراندنی کارەکانیان کورسیەکانی بەرێوەبردنی وولاّت بگرن، لەگەڵ پەرەدان بەژیانی تاك‌و داهاتی نەتەوەیی تاك کە ئەمانە هەمووی سەرمایەیەکن بۆ هەر حکومەت‌و دەستەلاّتدارێك، لەسەرووی هەمووشیانەوە با دادپەروەری کۆمەلاّیەتی جیّ بەجیّ بکرێت، ئەگینا هیچ سیستەمێکی حکومڕانی‌و هەرشێوەیەکی لەچەند ساڵێکی کورتدا هەرەس دێنێت، بەمەرجێك کە ئەو تەمبەڵستانە بەردەوام بێت، چونکە هەموو مەترسی‌و چارەنووسێکی نادیاری لەگەڵ خۆیی دێنێت ڕۆژ بەدوای ڕۆژ ئاگادار بن ئەوا هات هێرشی تەمبەڵستان ئەی دەستەلاّتدارانی وولاّت.

کوردستانی باشوور

2007\2\19_دووشەممە